The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# وەفیق سامەڕائی و سەرجەم تاوانکاران دەبێت ڕاکێشرێنە دادگا

**کەس و کاری قوربانیانی سەربەرز**

**جەماوەری کوردستان**

**پارت و ڕێکخراوەکان**

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد , دەسەڵاتی کوردی هاوکاریکەری جدی بن بۆ بەدادگایی گەیاندنی سەرجەم تاوانکاران , چ لە پێشکەشکردنی دۆکۆمێنت , یان ناساندنیان , یاخود تەسلیمکردنیان به دادگا .

دەبوایە لە خولی یەکەمی دادگا لە پای تاوانی ئەنفال , دەیان کەس لەو تاوانکارانەی لە ڕیزەکانیاندان , یان لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیاندان تەسلیم بە دادگا بکرانایا , کەچی سەد داخ و مخابن لەم پێناوەدا هیچیان نەکرد , تەنانەت زانیاری وردمان لایە و دەزانین شێخ جەعفەر چۆن دەربازی بوو بۆ هاندەران , لە کوێوە بۆی دەرچوو و چۆن لە لایەن کێوە کار ئاسانی بۆکرا , چۆن ئێستاش مانگانە کەس و کارەکەی سەردانی دەکەن ... , کەچی گوایە ئەو یەکێکە لەو 3 تاوانکارەی دەسەڵاتی کوردی وەك تاوانکار ناساندویانە بە دادگا, لە کاتێکدا لە کاتی خۆی دەیانتوانی بیگرن و دادگایشی بکەن , ڕزگارکردنی لە چی و بە تاوانبار ناسینی لە پای چی ؟ .

سەرباری ئەوەی لەم بوارەدا دەسەڵاتی کوردی هاوکاری دادگایان نەکرد ,کەچی لێرەو لەوێ هەوڵەدەن دەست لە کاروباری دادگا وەربدەن و ڕێگری دەکەن لەبەردەم ڕەوتی بەردەوامی دادگا بەشێوەی ئاسایی خۆی , هەر ئێستا هەوڵی جدی هەیە بۆ ئەوەی گومانلێکراو وەفیق سامەڕائی ڕانەکێشرێتە پای دادگا , هاوکات هیچ هاوکارییەکی دادگا ناکەن بۆ ئەوەی تاوانکارە کوردەکان تەسلیم بە دادگا بکرێت , سەرباری هەوڵدان بۆ سووك کردنی بڕیاری سەپاو بەسەر هاشم سوڵتان ... .

ئێمە وەك ناوەندی چاك کە سکاڵاکەرین لە گومانلێکراو وەفیق سامەڕائی لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەرواری 6-12-2006 , هەر هەوڵێکی لەم چەشنە بەتوندی شەرمەزار و ڕسوا دەکەین , بێتاوانی وەفیق سامەڕائی و هەموو ئەوانەی ناویان وەك تاوانکار لە دادگا هاتووە , تەنها خودی دادگایە دەتوانێت ساغی بکاتەوە , تکاکارین سیناریۆی ڕەشی نزار خەزرەجی دوبارە مەکەنەوە .

ناوەندی چاك
2007-8-16

**www.chak.be**